# بەرگری لە کۆندێرا

**لە پاشکۆی ژمارە 610 موە**



**لەم ماوەیەدا بەتۆمەتی ئەوەی لەماوەی دەسەڵاتی حزبی شیوعی لە چیکۆسلۆفاکیادا، کۆندێرا یەکێک لە سیخوڕە نهێنییەکانی بۆ خۆرئاوا ئاشکرا کردووە، ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی بۆ ماوەی چواردە ساڵ ئەو سیخوڕە زیندانی بکرێت. بۆ بەرگریکردن لەو تۆمەتە، پانزە نووسەری بەناوبانگی جیهانی کە چواریان خەڵاتی نۆبَڵیان پێبەشخراوە هەڵمەتی بەرگریکردنیان بۆ رۆماننووس و رووناکبیری فەرەنسی بەڕەگەز چیکی دەستپێکردووە، لەو نووسەرانەش وەک (گابرێل گارسیا مارکیز، فیلیپ روس، کارلۆس فۆینتس ئۆرهان پاموک، سەلمان روشدی) و...هتد. ئەم نووسەرانە دووپاتیدەکەنەوە کە ئەو تۆمەتە هەڵبەستراوەو بۆ ناشیرینکردنی ناووناوبانگ و ئابڕووبردنی کۆندێرایە.**

**لەمبارەیە کۆندێرا بەتووندی ئەو تۆمەتە رەتدەکاتەوە و دەڵێت: ئەو زانیارییە درۆیەکی هەڵبەستراوەو لەژیانیدا نەناوی ئەو کەسەی بیستووە و نە بینوێتی.**

**ئیلاف**
2008/11/5